# ناونانی عەرەبی یاخود ئایینی؟!
# ناونانی منداڵ وچەند سەرەنج وتێبینییەك

م/ صلاح الدين عبد الكريم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين، وبعد:

**یەكێك لەمافەكانی منداڵ لەسەر دایك وباوكی ئەوەیە كەناوێكی خۆشی بۆ هەڵبژێرن وناوی بنێن، بەڵام (خۆش)شتێكی ڕێژەییەو لەكەسێكەوە بۆكەسێكی تر دەگۆڕێت، مرۆڤی واهەیە ناوێكی زۆر لەلاخۆشە بەڵام بەپێچەوانەوە لەلای كەسێكی تر هەمان ناو زۆر ناخۆشە،هەربۆیە جیاوازی ناوەكان لەناو خەڵكیدا بەئاشكرا دەبینین وهەر كەسێك جۆرە ناوێكی تایبەتی خۆی هەیە وئازادە لەو ناوەی كەلەمنداڵەكەی دەنێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرەنج وسەر سوڕهێنانەئەوەیە كە هەندێك لەخەڵكی دەیانەوێت ئەم سەربەستییە لەو كەسانە بێ بەش بكەن كەناوی منداڵەكانیان دەنێن بەناوی ئاینی(ناوە جوانەكانی خوای گەورە، یاخود ناوی پێغەمبەرەبەڕێزەكان(علیهم الصلاة والسلام)، یاخود ناوی هاوەڵەبەڕێزەكان، یاخود ناوی زانایان وپیاو چاكان) بەبیانوی ئەوەی كەئەم ناوانە كوردی نین وعەرەبین!!! بەبێ ئەوەی جیاوازی بكەن لەنێوان ناوی ئاینی وناوی عەرەبی ئیتر ئایا بەنەزانی بێت یاخود بەمەبەستەوەبێت، وەهەركامێكیان بێت ئەوا(أحلاهما مُر)منیش چەند تێبینی یەك لەسەر ئەم جۆرە كەسانەدیاری دەكەم وبەپشتیوانی خوای گەورە دەڵێم:**

١-ڕەخنەگرتن وگوشار خستنە سەر ئەو کەسانەی کەناوی منداڵەکانیان دەنێن بەناوی ئاینی پێشێل کردنی ماڤی مرۆڤ وداگیرکردنی سەربەستی وئازادی ئەو کەسانەیەو جۆرێکەلە جۆرەکانی توندوتیژی وتیرۆر[1] .

٢-پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان ناوی ئاینی وناوی عەرەبی چونکە ئەو کەسانەی کە ڕەخنەیان لێ دەگیرێت بەوەی کەناوی منداڵەکانیان عەرەبی‌یە ! ! ! لەخۆشەویستی عەرەبدا ناوی منداڵەکانیان نەناوە بە(ناوە جوانەکانی خوای گەورە وناوی‌پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام)وناوی هاوەڵەئازیزەکان...... ) بەڵکو لەخۆشەویستی خوای گەورەو پێغەمبەران وهاوەڵاندایە، ئەگەر وانی‌یە دەبوایە ئێستا بۆ نمونە لەبەرامبەر ناوی(عبدالله وعبدالرحمن ومحمد وابو بکروعمر..... ) ناوی أبوجهل وأبولهب وعُتبة وعُتيبة وأُمية.....)هەبوایە خۆئەمانیش هەرعەرەب بوونە، بەلاّم کەسێك نابینین کەناوی‌منداڵەکانی‌نابێت بەم ناوانە، وەکەئەم ناوانە وهاوشێوەی ئەم ناوانە نی یە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەخەڵکی ناوی منداڵەکانیان دەنێن بە(ناوە جوانەکانی‌خوای گەورە ......) لەخۆشەویستی عەرەب نی یە بەڵکو لەخۆشەویستی خوای گەورەو ئایینەکەیەتی .

٣_ئایا ئەو کوردانەی کە موسڵمان نین وجگە لە ئیسلام دینێکی تریان هەیە وەکو گاورو جولەکە و یەزیدی ......)

کاتێك ناوی منداڵەکانیان بەگوێرەی دینی خۆیان دەنێن وناوەکانیان کوردی نی‌یە ئایا هەمان ڕەخنەو گلەیی یان لێ دەکرێت کە لەموسڵمانە کوردەکە دەکرێت؟؟؟

بەدڵنیایی یەوە نەخێر بەڵکو دەوترێت ئازادی یەو هەرکەس ئازادە بەگوێرەی ئایین وبیروباوەڕی خۆی ناوی منداڵەکانی بنێت، بەلاّم (بانێکەو دوو هەوا).

---

(١) – لەگەڵ ئەوەی کە هیچ ڕێگری یەك نی یە لەشەرعدا لەوەی کە مرۆڤ ناوی منداڵەکەی بنێت بەناوی کوردی، وەسەربەستە لەم شتەدا، بەلاّم مەبەست ئەوەیە کەخەڵکانی تریش سەربەست بن لەناونانی منداڵەکانیان بەناوی ئایینی.

نەك هەر ئەوەندە بەڵكو ئەو كەسانەی كەموسڵمانیشن وناوی منداڵەكانیان دەنێن بەناوی ئایینەكانی تری جگە لەئیسلام ڕووبەڕووی ئەم ڕەخنەو گلەیی یانە نابنەوە ! !

بۆ نمونە: ئێمەخۆمان لە خوێندنگە قوتابیمان هەبووە ناوی (جیڤارا)بووە، وەهەبووە باوكی ناوی (هیتلەر )بووە، وە هەبووە باوكی ناوی (ارسطو)بووە، وەمامۆستا هەبووە ناوی(جاكلین)بووە، هیچ كەسێك ڕۆژێك لەڕۆژان ڕەخنەو گلەیی لەناوەكانیان نەگرتووە هەرچەندە موسڵمانیش بوونە. هەروەها كوردهەبووە ناوی منداڵەكەی ناوە (ساڤیۆلا) ! ! !لەمەیش زیاتر ئافرەتێكی كورد منداڵی دەبێت ولەپێش چاوی زۆربەی میدیاكانی كوردی وجیهانی ناوی دەنێت (جۆرج بۆش) ! ! !وەدەڵێت: ئەگەر دووانە بوایە ئەوا ناوی ئەوەی ترم دەنا (تۆنی بلێر) ! ! !پاشان زۆربەی ڕۆژنامە و كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی بەشانازی یەوە ئەم هەواڵەیان بڵاوكردەوە بەبێ ئەوەی كەسێك بڵێت ئەم ناوە كوردی نی یە ! ! !، بەڵام ئەگەر ناوی بنایا (عبداللە، یاخود عبدالرحمن، یاخود....)ئەوا یەكسەر دەوترا ئەم ناوە كوردی نییە ! ! !

بەڵام ڕەحمەت لەپێشینان كەووتویانە: (بەشیر دەمی سوتاوە فو لەدۆ دەكات).

٤–نەزانیوبێ ئاگایی ئەوجۆرە كەسانەی كەئەم ڕەخنانە دەگرن لەوەدا

دەردەكەوێت كەئەگەر كەسێك ناوی منداڵەكەی بنێت بەناوی یەكێك لەپێغەمبەرانەوە ئەوا دیسانەوە پێی دەوترێت ئەم ناوە عەرەبی یە ! ! ! لەگەڵ ئەوەی كەناوی زۆربەی هەرە زۆری پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام)عەرەبی نی یەو(اعجمی یە)وەكو (نوح، ابراهیم، اسماعیل، اسحاق، یعقوب،

یوسف، هارون، موسی، عیسی........)

**فان كنتَ تدري فتلكَ مُصيبـــةٌ وان كنتَ لاتـدري فالمُصيبةُ أَعظــمُ**

٥–زۆربەی هەرە زۆری سەركردایەتی كوردی لەكۆن وتازەدا ناوەكانیان كوردی نیيە وئاینیيە، ئایائەمە بۆتە ڕێگرو بەربەست لەبەردەمیاندا تا نەتوانن خزمەت بەگەل ونیشتیمانەكەیان بكەن، وە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە خزمەتی گەل ونیشتیمانیان

نەکردووە وناپاکیان کردووە؟ ئەگەر بڵێن بەڵێ ئەوا ڕەخنەو توانجتان لەهەموو مێـژووی کوردو سەرکردەکانیشی گرتووە!!! وەئەگەر بڵێن نەخێر کەواتە چ تاوان وخراپیەیـەکی تێدایە ئەگەر مرۆڤ دڵسۆزوخزمەت کاری گەلەکەی بێـت وتەنهاناوەکـەی کوردی نـەبێت وئاینی بێت؟! بەڵام کێشەی ئەم جۆرە کەسـانەئەوەیە کەدەڕواننـە نـاو نـەك نـاوەڕۆك، وەلەلای ئەم جۆرە کەسانە (ئەوەی سمێڵی سور بێت هەمزە ئاغایە)!!!

٦-ئەگەر ئەو کەسانەی کەئەم جۆرە ڕەخنانەدەگرن لەخـەمخۆری کوردیانـە وئەوەنـدە دڵسۆزی کوردن بۆچـی داکۆکی ناکـەن لەسـەر داب ونـەریتی کـوردی وڕوخساروسـیمای کوردی وخوڕەوشتی کوردی وجل وبەرگی کوردیو....

لەگـەڵ ئـەوەی کـە خـەڵکانێکی یـەکجار زۆر هـەن کەلـەداب ونـەریتی کـوردی وڕوخسـار وسیمای کوردی وخوڕەوشتی کوردی وجل وبەرگی کوردی لایان داوەولەدەسـتیان داوە، بەڵکو ئەگەر کەسانێك پەیوەست بن بـەداب ونـەریتی کـوردی وخوڕەوشـتیکوردی ئـەوا بەدواکەوتوو دەژمێردرێن، وەوای لێ هاتووەلەبەرکردنی پۆشاکی کوردی بۆتە نیشـانەی نەخوێنـدەواری، بەشـێوەیەك کەبـەرزترین پلـەی خوێنـدەواریت هـەبێت بـەڵام پۆشـاکی کوردیت لەبەردابێت ئەواکـەس پێـت نازانێـت، بـەڵام نەخوێنـەواربیت وچاکەت وپـانتۆڵ و(رباط)ت لەبەردابێت ئەوا لەلای خەڵکێکی زۆر خاوەن بڕوانامەی بەرزیت[2]!!!

کەئەمەیش بەکەم زانین وبێ ڕێزکردنـی جـل وبـەرگی کـوردی یـەووادەردەخات کـەکورد هەمیشە بێ زاناو داناو بڕوانامە بوونە !

وەبەشـێك لـەو کوردانـەی کەچـونەتە هەنـدەران هـەموو ڕوخسـار وشـێوازێکی کوردیـان لەدەسـت داوە، بۆنمونـە پیـاوان دەبینیـت ڕیـش وسمێڵیـان تاشـیوەو، قژێکیدرێـژیان داناوەو قەنافزیان درێژ کردووە، بەشێکیشیان گوارەیان لەگوێ کـردووە، هەندێکیشـیان هۆگری سەگ بوونەو بەبێ سەگ ناتوانن ژیـان بەسـەر بـەرن[3]، سـەرەڕای هەڵسوکەوت

---

(٢)- بەڵکو لەهەندێك شاری کوردستاندا ئەگەر بەرزترین بڕوانامەت هـەبێت تـەنها جـل وبەرگەکـەت کـوردی بێـت ئـەوا پێت دەڵێن (وەستا)!! چونکە پۆشاکی کوردی بۆتە هێما بۆنەخوێنـدەواری.بـەڵام ئەگـەر هـیچ خوێنـدەواریت نـەبێت وئەلف وبێ لێك جیا نەکەیتەوە تەنها پانتۆڵ وچاکەتێکت لەبەردا بێت ئەوا پێت: دەڵێن (مامۆستا)!!!.

(٣)- تەنانەت ناوی کوردی بەڕەوا نازانن بۆ سەگەکانیشیان وناوی بیانی لە سەگەکانیان دەنێن!!.

کردنیان کەهیچی پەیوەندی بەداب ونەریتی کوردەواری یەوە نەماوە، وەبەم شێوازەیش دەگەڕێنــەوە بۆنــاو کۆمــەڵگای کــوردی، بــەبێ ئــەوەی کەســێك بەرهەڵســتی بکــات و ڕەخنەیان لێ بگرێت، بەڵکو ئەگەر قسە بکەیت لەوانەیە تۆ پیاوخراپ دەرچیت ونامۆبیت بەکۆمەڵگای کوردی ودواکەوتوو نەزان بیت وشتەکەت بەسەردا بشکێتەوە وقەرزار باریش بیت (تاخاوەن ماڵ دزی گرت دزخاوەن ماڵی گرت).

٧–بەبۆچونی من بەشێك لەو کەسانەی کەڕەخنە دەگرن لـەناوی ئـایینی لەکاردانـەوەی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕدایە، چونکە سەردەمێك بوو کەڕژێم ناونانی کوردی قەدەغە کردبوو، وە ڕەخنەوتوانجی لەوکەسانە دەگرت کەناویان کوردی بوو،تەنانـەت خـەڵکی لەسەربەسـتی ناونانیمنداڵەکانیشـیان بـێ بـەش کردبـوو، لەلایـەکی تریشـەوە بـۆ ناشـیرین کـردن ولەبەرچاوخسـتنی ئیسـلام لـەلای خـەڵکی هــەموودام ودەزگاداپلۆسـێنەر وسـەرکوت کەرەکانی وشوێنە سەربازی وفرۆکەوموشەك وجەنگەکانی ناودەنا بـەناوی ئایینیـیەوە، وەلەڕاستیدا لەم سیاسەتەیدا توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەلای هەندێك لەخەڵکی بێ ئاگا، وەکاریگەری هەبوولەسەریان، وەتوانی وایان لێ بکات کەڕقیان لەهەموو ناوێکی ئایینی ببێت، چونکە بەم ناوانەوە کورد ستەمی لێ کراوەو چەوسێنراوەتەوە ومافەکانی پێشێل کـراوە، بـەلاَم مرۆڤـی کـورد دەبێـت زۆر لـەوە هۆشمەنـد تـر بێـت کەئیشـەکانی لەکاردانــەوەیا بێــت وڕژێمێکــی فاشــی بتوانێــت کــاری گــەری هــەبێت بەســەرییەوە، وسیاسەت ومەبەست ومەرامە گڵاوەکانی بۆ بچێتەسەر.

٨–لــەکۆتایی دا دەمــەوێت جــەخت بکەمــەوە لەســەر ئــەوەی کــەدەبێت مــرۆڤ گرنگــی بەناوەڕۆك بدات نەك ناو، مـن چـی بکـەم لەکەسێك کەناوەکـەی کـوردی بێـت ودەسـتی هەبووبێت لەمل شکاندن وکوشتن وچەوساندنەوە ودەربەدەرکردن وئاوارەکردنی سەدەها کــوردا، لەڕووخانــدنی ســەدەها ئــاوایی کــوردا، لــەبێ سەروشــوێن کردنــی ســەدەها کوردا؟؟؟!!!.

بەلاَم کەسێك کەلەخۆشەویستی خوای گەورەدا ناوی منداڵەکەی ناوە بەناوی ئایینی هەر لەترسی ئەو خوایە ڕۆژێك لەڕۆژان ناتوانێت ناپاکی بکات لەگەل ونیشتیمانەکەی، وەئەرك

وفەرمانەکانی سەرشانی بەجوانترین شێوە جێ بەجێ دەکات بەبێ کەمتەرخەمی، ئیتر ئایا زیان بەکێ دەگەیەنێت ئەگەر ناوەکەی ئایینی بێت؟.

﴿فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ﴾.[4]

**وصلى الله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.**

**من أقوال السلف**

قال الامام الأوزاعي (رحمه الله): ﴿ندورُ معَ السُّنَّةِ حيثُ دارتْ﴾[1] .

واتە/لەگەڵ سوننەتدا دەڕۆین بۆ هەر کوێیەک بڕوات .

**قال الامام عبدالله بن الديلمي( رحمه الله ): ﴿ان أولَ ذهابِ الدينِ تركُ السُّنةِ، يذهبُ الدينُ سنةً سنةً كما يذهبُ الحبلُ قوة قوة﴾[2] .**

**واتە/ یەکەم نیشانەی ڕۆیشتنی دین بریتی یە لەوازهێنان لەسوننەت، سوننەت لەدوای سوننەت وازلێ دەهێنرێت تا دین بەتەواوی نامێنێت ولەناو دەچێت، هەروەکو چۆن حەبل وردە وردە بەهێزی یەکەی نامێنێت تا بەتەواوی لەناودەچێت ونامێنێت.**

(١)- (اللالكائي):(١/٦٤رقم٤٧).

(٢) – (اللالكائي):(١/٩٣رقم١٢٧)، و(الدارمي): (١/٥٨رقم٩٧)، و(ابن وضّاح) في(البدع والنهي عنها): (٧٣).

(٤) – (الحشر/٢).